www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:45 18-11-2005

# گۆرانی کوردی لەنێوان رەسەنایەتی و تازەگەریدا ... ستیڤان شەمزینانی



ئەز هونەرمەند یان رەخنەگری هونەریی نیم، بەڵام تێپەڕبوونی ئەم هەموو مادده بێ گیانە لەسەر جەستەی زامداری هونەری گۆرانی کوردی ناچاریکردووم، ئەگەر وەك گوێگرێك یان چاودێرێکیش بێت چەند سەرنج و رایەك لەسەر هەندێ ئیشکالیەتی گۆرانی کوردی بخەمەڕوو، دەخوازم زێتر هەڵوەستە بکەم لەسەر تازەگەری و رەسەنایەتی کەوەك دوو چەمکی بەربڵاو و تاڕادەیەکیش موستەهلیك لەنێوەندی هونەریی کوردیدا زۆرترین قسە لەبارەیانەوە دەکرێ، پێم خۆشە ئەم نووسینە دەرگا وای بکات بۆ گفتوگۆیەکی فراوانترو چڕوپڕتر لەبۆ دەست نیشانکردنی نەخۆشی و گیروگرفتە بنەڕەتییەکانی میوزیك و گۆرانی کوردی.

رەسەنایەتی:

کورد وەك نەتەوە خاوەنی کەلەپورێکی دەوڵەمەندی هونەرو ئەدەبیاتە.. ئەدەب و هونەری فۆلکلۆریی کەبەردی بناغەی ئەدەب و هونەری هاوچەرخمانە خاوەنی خەسڵەت و جیاکاریی و تایبەتمەندێتی خۆیەتی، وەلێ بەحوکمی نزیکایەتی و تێکەڵاوبوونی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تری وەك تورك - عارەب - فارس لێك چوونێك لەئەدەب و هونەریی فۆلکلۆریی و هاوچەرخی کورددا بەدیدەکرێ لەگەڵ ئەدەب و هونەری ئەو گەلانەدا، وە بەهۆی ئەوەشی کورد خاوەنی قەوارەو کیانی سەربەخۆی خۆی نەبووە، هاوشان لەگەڵ تاڵانکردنی بنەما ئابورییەکانی کوردستان لەلایەن داگیرکەرانەوە، کلتورو هونەرو ئەدەبیاتیشی تاڵانکراوە، و رووت کراوەتەوە لەمۆرکی کوردیی، ئێمە چەندان گۆرانی و ئاوازمان بەفارسی کراوە، چەندان حیکایەت و داستان و شیعری فۆلکلۆرمان بەتورکی کراوە، سەدان کتێب و زاناو مێژوونووسمان بەعەرەب کراوە.

بەڵام شتێك هەر ماوەتەوە کەناوی رەسەن و تایبەتمەندی کوردە، ئەم هونەرو ئەدەبیاتە رەسەنە بنەماکانی هونەری هاوچەرخن، گۆرانی کوردیش کەمێژووی سەرهەڵدانی ئاوێزانە لەگەڵ مێژووی دەرکەوتنی کورد لەبووندا خاوەنی مۆرك و جیاوازیگەلی تایبەت بەخۆیەتی کە دەتوانین گۆرانی کوردیو ئاوازی کوردی زۆر بەئاسانی لەنێوان ئاوازو گۆرانی گەلانی تردا بناسیتەوە ئەمیش لەڕێی ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئاماژەمان پێدا.

ئێمڕۆ هونەرمەندانی کورد بەشێوەیەکی گشتی بەسەر دوو جەمسەردا دابەش بوون:

لایەنگرانی رەسەنایەتی و لایەنگرانی تازەگەری، کەمتر هەستن بەوە دەکەین کەهونەرمەندانێك هەبن کار لەهەردوولایەنەکدا بکەن یان بەوتەیەکیتر ئاوێتەیان بکەن.

لایەنگرانی رەسەنایەتی بەهۆی پابەندبوونی تەواویان بەڕەسەنایەتی و خەسڵەتە نەگۆڕەکانی گۆرانی کوردی لەبازنەی بۆشی گۆرانی تەقلیدیدا مەلە دەکەن و هەر بەناوی داکۆکیکردن لەڕەسەنایەتییەوە هەموو پەنجەرەکانی داهێنان و وەرچەرخان و نوێکردنەوەیەکیان کلۆم داوە.

ئەو جۆرە گۆرانیبێژانە ناتوانن سەردەمەکەیان تێپەڕێنن، یان ئەوەندە کەرەستەو هۆشیاریی هونەرییان نییە کەبتوانن دەرەقەتی هونەرێکی نوێ بێن تیایدا رەسەنایەتی و تازەگەری ئاوێتەی یەکتر کرا بێت.
بۆیە هونەر لای ئەمانە هەر جووینەوەو کارکردنە لەسەر جەستەی مردووی گۆرانی کلاسیك، ئەو گۆرانییەی سەردەم و ئاڵوگۆڕە ژیارییەکانی مرۆڤی زەمەنی تەکنەلۆژیا زۆر دەمێکە جێی هێڵاوە.
هونەری رەسەنی رووتیش واتە کە هیچ بەریەك کەوتنێکی نەبێ لەگەڵ تەوژمە نوێکان و گۆرانی ئاستی چێژوەرگرتنی بیسەر، خۆی لەخۆیدا هونەرێکی بێ گیان و تاقەت پڕوکێنە، مرۆڤێك لەسەردەمی ئینتەرنێت و مانگە دەستکردەکان و شۆڕشی ئەلیکترۆنیدا بژی رادەی چێژوەرگرتن و هەستەکانی جیاوازترە لەمرۆڤی سەردەمی فتیلەو گالیسکەو ئەسپ و عەرەبانە.
هونەرێك نەتوانێ خۆی نوێ بکاتەوە بەپاساوی ئەوەی رەسەنایەتی وەلا دەنێ هونەرێکی وشك هەڵهاتوو و سەلەفییە و تەحەمولی گۆڕانکارییە خێراکانی ئەم جیهانە ناکات.
تازەگەریی:
هیچ شتێك نییە هێندەی چەمکی تازەگەریی لەهونەری کوردیدا ریکلامی بۆ بکرێت، گۆرانیبێژانێکی فرە لەناوەوەی وڵات و لەمەنفا بانگەشەی تازەگەری دەکەن لەگۆرانیدا کەدەیانەوێ وێستگە کۆنەکان و عەقڵییەتە کلاسیکییەکانی هونەری کۆن بەجێ بهێڵن، بەڵکو ئەو بنەمایانەش هەڵتەکێنن کەهونەری نەوەی دێرینی لەسەر بونیادنراوە، بەڵام ئەگەر بەویژدانەوە بڕوانین ئەو گۆرانیبێژانە نەیانتوانیووە هیچ کارێکی نوێ بکەن کەبەمانای تەواوی وشەکە نوێ بێ.
ئەوەشی ناوینراوە نوێگەریی چیتر نییە جگە لەفۆتۆکۆپی کردن و وەرگرتنی دەقاودەق لەهونەری گۆرانی بیانی، ئەز زۆر گۆرانیم بەرگوێ کەوتووە.
ئاوازەکەی ئەرمەنی بووەو گۆرانیەکەش بەسریانی وتراوە، گۆرانیتر هەیە لەعەرەبی و فارسییەوە وەرگیراوە، باسی ئەوە هەر ناکەم هەندێك دەمبێژ گۆرانی تورکی و فارسی بۆ کوردی وەردەگێڕن، هەندێکیان بەشێوەیەك گۆرانییەکانیان تورکییە خودی گۆرانبێژەکە تەنیا لەکارەکتەرێك دەچێ کەدۆبلاژ دەکات و هیچیتر.
ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر گۆرانی کوردیدا هاتووە هەموو شتێکە تەنیا نوێگەری نەبێت، چونکێ نوێگەری تەنیا بەمەبەستی ستایڵی جیاوازو خۆجیاکردنەوە نایەت لەبەرئەوەی گۆرانیبێژانی ئەمڕۆ مەبەستیانە گۆرانییەکانیان لەهی خالیقی یان مامڵێ نەچێ نەك ئەوان تێپەڕێنن، تەنانەت بەباوەڕی من چەندین هەنگاو هونەری کوردییان بردۆتە دواوە، (لینین) وتەنی لەبری ئەوەی هەنگاوێك بۆ پێشەوە بچن دوو هەنگاو بۆ دواوە هاتوون.
بەدەر لەوەش چەند هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ لەهەوڵی جیدیدان بۆ تێپەڕاندنی دۆخی کۆن و دۆزینەوەی ستایڵ و رێڕەوێکی نوێ بەڵام هێشتا هەر هەوڵەو ئاکامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتۆتەوە کەشایەنی لەسەر وەستان و ئاماژە پێدان بێت.
ئەگەر پرسیارێك بێنینە پێشەوەو بپرسین چ شتێك وایکردووە هونەریی گۆرانی کوردی بۆ پێشەوە نەڕوات؟ رەنگبێ شیاوترین و راسترین وەڵام ئەوە بێت گۆرانبێژی کورد بەشی هەرە زۆریان نەخوێندەوارن و ئاگایان لەهونەرو مۆسیقای گەلەکەی خۆیان نییە، نەخاسمە هونەری کلاسیك و پۆپ و جازو هونەری گەلانیتر.

زۆربەی هەرەزۆری ئەو توێژاڵەی ناویاناوە هونەرمەندانی گۆرانیبێژ خاوەنی هیچ وردبونەوەو توێژینەوەیەك نین لەتازەگەریی لای گەلانیتر بۆیە ناتوانن هەنگاو بەو ئاقارەدا بنێن، ئەدۆنیس - دەڵێ دوای خوێندنەوەی شیعری رامبۆو مالارمێ گەیشتمە مەودا نوێگەرییەکانی شیعری ئەبی نەواس و ئەبی تەمام.

هونەرمەندی کوردیش بەسود وەرگرتن لەگۆرانی بیانی و ئەزموونی نوێگەریی ئەوان لەبوارەکەدا دەتوانێ رێڕەوێکی جیاواز لەهی ئەوان بۆ هونەری خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام بەداخەوە گۆرانیبێژی کورد ئەوەندە دەستەوەستانە کەناتوانێ لەگەڵ تێکست و کەرەستەکانی تری دروستکردنی گۆرانییەکی سەرکەوتوو مامەڵە بکات، بۆیە دەشێ تازەگەریی بەوەهمێکی بەتاڵ و خولیایەکی بەدی نەهاتوو وەسف بکەین، ئەوەشی کەپێی دەوترێ کاری نوێ تەنیاو تەنیا هەڵگێڕانەوەو ئارایشتی کەلەپورە کۆنەکەیە.

*هەندێ گیروگرفتی تر:

1-کلیپ:

کلیپ بنەمایەکی سەرەکی گۆرانی هاوچەرخە، بەنیسبەت گۆرانی کوردییەوە کلیپ تاڕادەیەك شتێکی نوێیەو تازە بەریدەکەوێت، لەگۆرانییە بیانییەکاندا بەتایبەتی رۆژئاواییەکان بەهۆی پێشکەوتنی ئامێرە دەنگییەکان و کامێراو تەقەنیاتی هونەریی، کلیپ وەك رەگەزی سەرەکی گۆرانی لەبەردەم چاوی بینەراندا دەتەقێتەوە، ئەگەر رۆڵی کلیپ لەباقی رەگەزەکانی تری گۆارنی زیاتر نەبێ بەبێ هیچ گومانێك کەمتر نییە.

بەحوکمی ئەوەی گۆرانییە کوردییەکان زێتر لەبواری ئەویندارییدا خۆیان دەبیننەوە، کلیپەکانیش هەر لەو چوارچێوەیەدان، بەڵام ئەگەر بەدیقەتەوە تەماشای کلیپی گۆرانی کوردی بکەین جگە لەهەندێکیان کەبەپەنجەی دەست حسێب دەکرێن، ئەوانیتر سیناریۆیەکی دووبارەکراوەیە ئەویش ئەوەیە سەرەتا گۆرانیبێژ گوڵێك دەداتە خانمێك یان بەپێچەوانەوەو دواتر لێك زویر دەبن و دواجار بەچەشنی فیلمی هندی بەیەکتر دەگەنەوە، ئەز هەر سەیری گرتەی یەکەمی گۆرانییەك بکەم دەتوانم پانۆرامای رووداوەکانی ناو کلیپەکەت پێ بڵێم، ئەمەش هێزی غەیبانیەت کەشفی ناکات بەڵکو ئەوە سەد بارەبوونەوەو هەزار بارەبوونەوەی کلیپە کوردییەکانە کەهەموویان لێك دەچن و موبالەغەش نییە بڵێم بەهەموویان یەك تا دوو کلیپی باش و بەمستەوایان لێ دروست دەکرێ، بۆیە کلیپەکانمان دەرگیری چەندین کێشە بووەو ناچارە خۆی دووبارە بکاتەوە چونکە هەژاریی و کەمدەرامەتی ئاستی هونەریی و رۆشنبیریی گۆرانیبێژانی کورد ئەوەی خوڵقاندووە.

2-تێکست:

زۆربەی خەڵك گرنگییەکی بەرچاو دەدەن بەتێکست و شیعری گۆرانی و بەراوردی دەکەن لەگەڵ خۆیان و موعانات و ژیان بینیان کەتاچەند دەتوانن چێژ لەو وشانە وەربگرن، وەلێ زۆر تێکستی جوان لەخەرمانی شاعیرانی کۆن و نوێ کراوەتە گۆرانی بەڵام زۆرێك لەگۆرانییەکان بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا تووشی قەیرانێکی کوشندە بوون بەدەست نەبوونی تێکستی شیعریی گونجاوەوە، لەبارێکیتردا ژ بەر ئەوەی ئاستی رۆشنبیریی و سەرمایەی هونەریی بەشێك لەگۆرانیبێژان لەپلەی سفردایە پەنایان بردووە بۆ زۆر تێکستی نەگونجاوو ناشیرین، جاری وا هەیە کەگوێ لەگۆرانی کوردی دەگرم وا هەست دەکەم لەکۆمەڵگەیەکی سەرەتایی و کشتوکاڵیدا دەژیم، چونکێ موفرەدات و تێکستی گۆرانییەکان موفرەداتی قۆناغی فیودالین نەك دنیای فەزائیات و گلۆبالیزەیشن وەسف

كردنی مەمكی ئافرەت بەسێوو پورتەقاڵ و چاوەكانی بەترێ رەش و سنگی بەكەلەرم چیتر دەبەخشێ جگە لەسەیركردنی ژن وەك كێڵگەو بەروبوومی كشتوكاڵی كەئەمەش دەرهاویشتەی زهنیەتی فیوداڵییە.
یان هەر زۆر تێكست هەیە لەبنەڕەتدا سوكایەتی تێدایە بۆ مرۆڤ، بۆ نموونە: (وەك سۆپەری هەشتاو شەشە كراس رەش) یان (تۆ قولە رەشی) لەنموونەی یەكەمدا نرخی مرۆڤ كەمكراوەتەوەو هێنراوەتە ئاستی كالاو كەلوپەل، لەدووەمیاندا وەك ئەوەی ئەنگلۆسەكسۆنییەك ئەم گۆرانییەی وتبێ لەنرخی رەش پێست كەمكراوەتەوە.
-ئەز لەو دەمبێژە دەپرسم توخوا ئەمە سترانی ئەڤینداربیە یان مارشی ئینتەرناسیۆنالی راسیزم؟ ئەوە لەو تێكستە بێ مانایانە بگەڕێ كەخۆی لەخۆیدا فیلمی پۆرنۆگرافییە! بەلام چۆن پۆرنۆیەك؟ كەتیایدا مرۆڤ بۆتە ئاژەلێكی سێكسی مجردو نەك بوونەوەرێكی خاوەن سۆز.
3-ئاوازو مۆسیقا:
ئاوازو مۆسیقای كوردی لەبەردەم قەیرانێكی ترسناكدایەو بەدووری ناگرین لەبۆتەی ئاوازو مۆسیقای گەلانیتردا ببێ بەسەراب! لەكاتێكدا ئەمە حاڵی ئاوازو مۆسیكا كەمانە چەندان سترانبێژ ئاوازو مۆسیقای توركی، فارسی بۆ گۆرانییەكانیان هەڵدەبژێرن ئەگەر ئەمە خراپتر بێ، خراپترین ئەوەیە هەندێ كەسانی بەناو هونەرمەند مۆسیقاو تیپی توركی و عارەبی و فارسی بانگ دەكەن بۆ لێدانی مۆسیكا بۆیان بەهەمان ریتم و ئیقاع و ئاوازی تایبەت بەخۆیانەوە.
تورك هەزار ساڵ زێتره مێژووی كوردو كلتور و شارستانی كورد لەم نەتەوەیە دادەڕنێ ئێستا ئەوەندە نەفام و خەواڵووە دەمبێژێكی نەخوێندەواری بێ ئاگا لەدنیا دەتوانێ بیانخەڵەتێنێ و لەپێناوی گەلەكەیدا بەكاریان بهێنێ یان ئەوان هونەری نەتەوەكەی بەتوركی دەكەن؟.
ئەمەش بەهەرحاڵ، بەڵام ئاوازو مۆسیكای گۆرانی كوردی زیاتر لەیەكتر دەچن ئاوازو مۆسیقایەك بۆ هونەرمەند (حەمە جەزا) لێدەدرێ هەتا دەست دەكات بەوتنی گۆرانیەكە خەڵك وا دەزانێ (شیلان عوسمان) ە، ئەمەش هۆیەكەی نەبوونی مۆسیكاژەنی پسپۆرو هونەرمەندانی داهێنەرە.
4-سیناریۆ:
سیناریۆی گۆرانی دەبێت پەیوەندییەكی سەرەكی و دانەبڕاوی هەبێت لەگەڵ تێكستی گۆرانییەكە، بۆ نموونە گۆرانییەكی زەماوەندو شادیی ناكرێ سیناریۆكەی شین و واوەیلا بێت یان بەپێچەوانەوە، بەلام دوو گرفتی سەرەكی لەسیناریۆكانیشدا بەدیدەكەین:
یەكەم: سیناریۆكان هەموویان دووبارەن و باس لەیەك شت دەكەن یان ئەوەتا هەندێ كچ و كوڕ رەشبەڵەك دەستیان گرتووەو هەڵدەپەڕن یان هەندێ خانمی خوێن ساردی بیانی سەما شاییەكی نەشازی كوردی، بیانی دەكەن، یان ئەوەتا یاردە تۆرێ بێ ئەوەی كەس بزانێ بۆ؟ ئەویش ناچارە گۆرانی بۆ بڵێ و بیكاتە رۆژی حەشر. ئەم سیناریۆیە بۆیەك دوو گۆرانی دەست دەدات نەك ئەوەی ئەگەر سەرژمێرییەك بكەین سێ لەسەر چواری بەرهەمی ئەم چەند ساڵە هەمان سیناریۆیان هەیە بەكەمێك جیاوازی و پاش و پێشەوە.
دووەم: زۆرجاران بیرۆكەو رووداوەكانی سیناریۆ لەگەڵ تێكستی گۆرانییەكە ناگونجێ، جاری وا هەیە كاكی گۆرانیبێژ شیوەن و باوكەڕۆیەتی بەلام دوو سێ كچی چاوشینی قژ زەرد كردوویانە بەڕۆژی خۆیان و لەسەمادا وا گەرم بوون ئەوسەری دیار نەبێ، (ئەیوب

عەلی) دەڵێ (کەسێ نایەت بەلامەوە) کەچی پێنج شەش کچی جوان لەدوایەوە هەڵبەز هەڵبەز دەکەن لەکاتێکدا پێویست بوو سیناریۆکە وابووایە (ئەیوب) لەژوورێکی کەمێك تاریك و چۆڵدا لەتەك پیاڵەیەك عەرەق یان وێسکیدا ئەمەی بگوتایە.
یان زۆر گۆارنیتر هەیە کاکی سترانبێژ لەوپەڕی کەیف و حاڵدایەو لەدەنگی هەلهەلەو چەپڵەرێزان دەنگ بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە کەچی رەوتی سیناریۆ تەواو بەپێچەوانەوە دەڕوات.

5-وێنەگرتن:

زمانی وێنە گەلێك کاریگەرترە لەزمانی وشە، هونەری وێنەگرتنیش رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەژیانی مرۆڤەکاندا، مێژووی وێنەگرتنی گۆرانی کوردی زۆر لەدواترە لەمێژووی دۆزینەوەی کامێرا، هێشتاش وێنەگرتنی گۆرانی کوردی بەوشێوەیە پێشکەوتووە نییە.
ئەمەش دەرەنجامی غیابی کامێرامانی باش و پێداویستییەکانی بەردەستی خودی کامێرامانە، زۆربەی وێنەی گۆرانییە کوردییەکان وێنەیەکی تەقلیدی و بەکاربراون، کەناتوانێ بینەر رابکێشێت بەلای خۆیدا، بەکورتی کامێرا رۆڵێکی ون و نادیاری هەیە لەگۆرانی کوردیدا ئەمەش کاری کردۆتە سەر ئەوەی زۆربەی گرتەو دیمەنەکانی گۆرانییەکان لەیەکتر بچن.

6-ئەدا:

چڕین و ئەداکردنی گۆرانییەکە لەلایەن کارەکتەری گۆرانیبێژەوە بەهێزترین خاڵی ئیسادەکردنی گوێگرانە، وەلێ ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنی ئامێرو ئامڕازە دەنگییەکان و تەقەنیاتی دیجیتاڵ و سوپەر، دەتوانرێ گۆڕانکاریی لەدەنگدا بکرێ، بەڵام هەتا ئەم چرکەیەش دەنگ و چڕین کاریگەریی خۆی لەدەست نەداوە، گۆرانیبێژانی کورد زۆربەیان وەك خۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ قورگ و چینەکانی دەنگی خۆیاندا ناکەن و ناتوانن بەشێوازی تایبەت بەخۆیان گۆرانی بچڕن، زۆرجار گوێمان لەمەقامێك دەبێ کەس نازانێ ئەمە چ جۆرە مقامێکە؟ کەس نازانێ قەتارە، حیجازە یان شتیتر؟ لەبەرئەوەی سترانبێژەکە توانای لێکدی جیاکردنەوەی مقام و رەگەزەکانی مقامی کوردی نییەو ناشتوانێ خاوەنی چڕینێکی پڕاوپڕ بێ بۆ ئەو مقامە، هەرچەندە هونەرمەندانی زۆر هەن دەتوانن بەشێوازێکی سەرکەوتووانە رووبەڕووی گۆرانی ببنەوەو زاڵن بەسەر دەنگی خۆیانداو دەتوانن قورگ و شێوازی خۆیان بەڕەوانی بەکاربێنن، بەڵام هەندێکی دیکەیان زۆر لەخۆیان دەکەن و بێ سەرنجامانە خۆیان ماندوو دەکەن، ماوەتەوە بڵێین لەم لایەنەشدا گۆرانی کوردی کەلێن و بۆشایی گەورەی تێدایەو هەنووکەش ئەو بۆشاییانە مەوداکانیان فراوانترو بەرینتر دەبێت.

پێش کۆتایی:

گۆرانی کوردی بەدۆخێکی ناهەمواردا رادەگوزەرێت، هێدی هێدیش وێستگەی رەسەنایەتی و مۆرکی تایبەت بەخۆی بەناوی تازەگەرییەوە بەرەو ون جێ دەهێڵێ، چارەنووسی خۆیشی خستۆتە گێژاوی هونەری گەلانی ترەوە، ئەگەر ئیستێك بەم راگوزەرەی گۆرانی کوردی نەگیرێ پاش یەك دوو دەیەیتر شتێك نامێنێ پێی بوترێ گۆرانی کوردی.